Sorani

زانیاری لەسەر دەرمانی ئارامکەرەوە لەکاتی چارەسەرکردنی ددان

دەرمانی میدازولام (Midazolam) نزیکەی 20 خولەک پێش چارەسەرکردنی ددان دەدرێت بۆ ئەوەی دڵەراوکێ و ترس هێور بکاتەوە. ئەوە پێدەچێت کە هەروەها ماسوولکەکان خاو بکاتەوە وە لەوانەیە کاریگەری لەسەر بەڵانسیش هەبێت، کە ئەمە شتێکە کە مرۆڤ دەبێت پاش چارەسەرکردنەکە بیریلێبکاتەوە.

بەبیرهاتنەوەی چارەسەرکردنەکە لەباری ئاساییدا ئەوەندە ڕوون نییە، چوونکو دەرمانەکە کاریگەری لەسەر توانابوونی بەبیرهاتنەوە هەیە.
هەندێک جار منداڵ لەکاتی چارەسەرکردنەکەدا وە پاش چارەسەرکردنەکە دڵتەنگ دەبن سەرباری دەرمانەکەش. ئەوە گرنگە کە مرۆڤ باسلێکردنێکی ئەرێنی بۆ چۆنیەتی ڕووداوەکە پێشکەش بکات، چوونکو ئەمەیە کە منداڵەکە پاشان بەبیری دێتەوە!

خواردن
٢ کاژێر پێش چارەسەرکردنەکە خواردنی سووک بخۆ.
(گوشراوەی میوەی نارنجی گەورە (گرەیپ) مەخۆرەوە)

پاش چارەسەرکردنەکە
کاریگەری دەرمانەکە تا فرە کاژێریش هەرلە لەشدا دەمێنێت. بۆیە زوربەی جارەکان مرۆڤ پاش چارەسەرکردنەکە لای کەم 1 کاژێر هەر لە کلینیکەکە دەمێنێتەوە.

گەورەسالان
شۆفێری ئوتومبیل ڕێپێنەدراوە لە ماوەی 12 کاژێردا پاش چارەسەرکردنەکە لێبخوڕێت.
گەورەسالان چاوساغیان لە کلینیکەکە تا مالەوە لەگەڵدا دەنێردرێت.

منداڵ
لەکاتی سەفەرکردنەوە بۆ مالەوە، دەبێت منداڵەکە وەک ئاسایی لەسەر کورسی منداڵی ناو ئوتومبیل یان قایشی خۆبەستنەوە دابنیشێنریت هەروەها گەورەسالێکی لەتەنیشتەوە بێت. دەبێت منداڵەکە لە لایەن گەورەیەکەوە تا ڕۆژەکە تەواو دەبێت لە ژێر چاودێریدا بێت. ئەگەر منداڵەکە خەوت، با لەسەر لا بخەوێت. یاری لەدەرەوەی مالەوە، بایسکل سواربوون وە هەڵگەڕان دەبێت بە دووربگیرێت.

ئەگەر پرسیارگەلێکت هەیە تەلەفۆن بکە:

……

……